کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-2-2007 16:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەڵاوێکی نەتەوەیی و وەڵامێک بۆ کاک حەمە کەریم ... سەردار پشدەری



پێم خۆشدەبوو کاک حەمە کەریم پێش ئەوەی خۆی بخاتە ڕیزی نوسەرانەوەو لە بەرانبەر بەدیهاتنی زانکۆیەکی نەتەوایەتی ڕابووەستێ، دەبوو چاوێلکەکانی و دڵ و دەرونی پاک بکردبایەوەو زیاتر زانیاری لە سەر سەردار پشدەری پەیدا بکردبایە، هەرئەوەشە دەمەوێ هەندێ هەڵە بۆ کاک حەمە کەریم ڕاست بکەمەوە:

1 – نوسیوتە: سەردار پشدەری خێڵەکی و کۆنەپەرستە: ئێمەش دەڵێین: ئەو کەسەی پەنا بەرێ بۆ بنیاتنانی زانکۆ، ئەو کەسە نە خێڵەکیەو نە کۆنەپەرستە، هەوڵیش دەدات بۆ بەرەوپێشبردنی زانست و نەهێشتنی خێڵایەتی و ئەو کۆنە پەرستیەی کە حەفتا ساڵ چاوی نیوەی دنیای بەستبوو بەناوی لەناوبردنی چینایەتی و ڕزگار کردنی کرێکار و جوتاران.

2 – نوسیوتە: سەردار پشدەری دەیەوێ ئەو سەرمایەی کە لەماڵەوە شاردویەتەوە لەو ڕێیەدا بیخاتە کار: ئێمەش دەڵێن: تۆ کە خاوەنی ئەو دڵ و دەرونە بیت، دڵنیام کە خەبەری پۆلیست داوەو هەر کەسێکیش کە خاوەن سەرمایە بێت و سەرمایەکەشی لە لەندەن بێت، سەرمایەکەی لە لەندەن دەخاتە کارو نایباتەوە ئەو شوێنە نائارامەی کە تۆ باسی دەکەی.

3 – نوسیوتە: سەرانی ناشیۆنالیست بەو هەموو کارە نارەوایانەوە دەوڵەتی کوردیان پێ دروست نەکراو تۆ چیت پێ دەکرێت: ئێمەش دەڵێین: زۆر شوکر کە بەشدارت نەکردین لەو کارە نارەوایانەی ئەوان و داواشت لێ دەکەم بێ ئومێد مەبە لە بەدیهاتنی دەوڵەتێکی کوردی نەتەوەیی.

4 – نوسیوتە: سەردار پشدەری لەسەر شانی خەڵکی ستەم دیدە بۆتە ملوێنەر: ئێمەش دەڵێن: خۆزگە ملوێنەر بایەین، بەڵام باوەڕکە تاکو ئێستاش زیاتر لە سەدو پەنجا هەزار دۆلار قەرزدارم کە لە پرۆژە نەوتەکەم خەرج کردوە.

5 – نوسیوتە: مل ملانەی سەردار پشدەری لەگەڵ مام جەلال و کاک مەسعود بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتە: ئێمەش دەڵێین: مل ملانەی ئێمە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستانە نەک لەگەڵ ئەوان، تەماحی ئێمە زۆر گەورەترە لە بۆچوونەکەی تۆ، تەماحی ئێمە هەڵوەشاندنەوەی ئەو جوگرافیایەو یەکگرتنەوەو دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیە.

6 – نوسیوتە: سەردار پشدەری دەستی لە نەوتەکە شوشتوەو پەنا بۆ دروستکردنی زانکۆ دەبا: ئێمەش دەڵێین: نا برا وا نیە، وازمان لە نەوتەکە نەهێناوەو سایتی ئینتەرنێتیەکەشمان بەڵگەی ئەو ڕاستیەیە، ئێمە پێمان وایە ئابووری و زانکۆ دوو بنەمای زانستین بۆ ڕزگاری کوردو دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی.

7 – نوسیوتە: قوتابخانەی نەتەوەیی سەردار پشدەری وەک قوتابخانەی بەعس وایە: ئێمەش دەڵێین: ئەو قوتابخانە نەتەوەیەی ئێمە مەکە بە هاوسەنگی قوتابخانەی بەعسیەکان، قوتابخانەی نەتەوەیی هەوڵی ڕزگاری خۆت و گەلەکەت دەدات لە ژێر دەستی.

8 – نوسیوتە: بە پیرۆز ڕاگرتنی چەمکی نەتەوایەتی بەمانای ژێر پێخستنی هەبیەتی نەتەوەکانی تری سەر رووی زەمینە: ئێمەش دەڵێن: با چەمکی نەتەوەیی تۆ لەژێر دەستی ڕزگار بکات، دوای ئەوە شیوەن بۆ ئەو برا عەرەب و تورک و فارسانەت بکە کە بە هەزاران ساڵە سوکایەتی بە کەسوکارو نەتەوەکەت دەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

9 – نوسیوتە: ئێستاش لە لایەن حکومەتی مالکی و شیعەوە دەستوور بۆ ئێمە دادەنرێت، ئیتر چۆن لە سایەی ئەم زانکۆیەوە سەرجەم مافە زەوت کراوەکانی خەڵکی کوردستان و ئەو ئیعتیبارەی نێو دەوڵەتیەی بۆ بگەڕێتەوە: ئێمەش دەڵێین: ئەو زانکۆیە سەری عێراق و دەوڵەتەکەی مالیکی و دەستورەکەی دەخوات و زانکۆکە دەستورێکی نەتەوەیی دەنوسێتەوە.

10 – نوسیوتە: خەڵک بەدوای دەبەیەک نەوتەوەن بۆ ئەم زستانە بەڵام تۆ بەدوای ئەوەوەیت سەرجەم کانگای نەوتەکە بخەیتە ژێر کۆنترۆڵی خۆت: منیش دەڵێم: کاتێک کە لە زستانی 1991 گەرامەوە کوردستان و باسم لە دانانی پاڵاوتخانەیەک دەکرد، لە سەمیناری سلەیمانی برادەرێکی هاوبیری تۆی کۆمەنیستی کرێکاری ووتی مردنم لە سەرمان و لەبرسان باشترە لە نەوت و نانی وڵاتانی سەرمایەداری، کەچی ئێستا ئەو برادەرە وەک تۆ خەڵکە هەژارەکەی بەجێ هێشتووە لەبەر سۆبەی سەرمایەداری دانیشتووە بە دەستێکی پێکە وەسکی پێیەو بە دەستەکەی ترەشی مەکدۆناڵی ئەمەریکی دەخواو پرۆپاگندەش بۆ لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداری داکات.

توو سەری خۆت کاک حەمە کەریم، ئێمە خۆڵ دەکەینە چاوی خەڵک یان ئێوەی کۆمەنیزمی کرێکاری؟؟؟.

سەردار پشدەری

لەندەن

26 – 2 - 2007

http://www. kurd-oil. net

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.